## ئوسامه خورماڵی و ناوێكی خەیاڵی د. تارق شاكەلی... هیوا محەمەد

كاتێك بابەتێكی كاك ئوسامەی (مستعار) م خوێندەوه لە 24-9-2005 لە سایتی كوردستان نێت، بە ناوی كەمێك ویژدانتان بێت، سڵاوێك بۆ د. تاریق شاكەلی.
كەوتمە ناو دنیایەكی پڕ لە ئەندێشەو خەیاڵ، لە مێشكمدا چەندین پرسیار دەهات ودەڕۆشت، ئەرێ تۆ بڵێت ئەم د. تارق شاكەلی یە لە جیلی تازەی شێخانی شاكەلی بێت و ناومان نەبیستبێت؟

وا كاك ئوسامە بە مامۆستایەكی گەورە وەسفی دەكات، لە دڵەوە بە خۆمم ئەووت نا من هەڵەم، چونكە خاڵە ئوسامە بە پێی نووسینەكەی چاك دەیناسێت، لەوەیە دەیان جار لە خەوندا پێكەوە سیمنارو كۆڕیان گێرا بێت بۆ گەنجان ولاوانی كوردستان وە دووریش نیە هەر لە خەودا بڕوانامەی پسپۆرییان وەر گرتبێت لە ئیسلامی سیاسی.

پرسیارێك دێتە پێشەوە بەرامبەر كاكە شێخ ئوسامە، ئەرێ تۆ ئەم د. تاریق شاكەلی یە ئاوا وەسفی دەكەی و بە كەسایەتیەكی بەرز پیشانی خوێنەرانی ئەدەی، ئایا چۆن كۆڕو سیمنارێكی نەگێڕاوە تاكو ئێستا ئەم بەناو پسپۆرە؟ !خۆ دەسەڵاتدارانی كورد لە خوایانە هەر مرۆڤێك ئەلف وبێ یەك بزانێ لە سەر ئیسلامی سیاسی یەك سەر دەزگاكانی ڕاگەیاندو تەلەفزیونەكانیان كراوەیە بۆیان، ئایا چۆن بانگی كەسایەتیەكی ئاوا پسپۆر ناكەن؟!

وە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە كە ئەڵێت: چۆن ڕووتان دێت بەرامبەر ڕوناكبیرو كەسایەتیەكی ئاوا قسە بكەن، یان لە جێگەیەكی كەدا ئەڵێت: من بەناوی هەموو نووسەرانی كورد داوای لێبوردن لە د. تاریق شاكەلی دەكەم، نازانم بە چ حەقێك ماف بە خۆت دەدەی بە ناوی هەموو نووسەرانی كورد داوای لێبوردن لە كەسێك دەكەی كە ناوی ڕاستی خۆی نیەو ناوێكی خوازراوە،

ئەبوایە سەردانێكی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانت بكردایە بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بە ناو د. شاكەلی یە، دیارە خۆتیش هەروەك كاكی د ناوەكەت ناوی ڕاستی خۆت نیە، بەڵام كە لە سایتی كوردستان نێت (ڕوونكردنەوەیەك لە خزمانی شاكەلی) م خوێندەوە ئەو كات دڵنیا بووم كە د. شاكەلی و جەنابت ناوەكانتان خوازراوە،

حەق وایە ئێستا تۆ داوای لێبوردن بكەی لە خزمانی شاكەلی ئاوا ناوی ئەم كەسایەتیەت بەرز نرخاند كە نامۆیە بە هەڵگری ناوی شاكەلی، چونكە تەنها بنەماڵەی ئەمان مافی ئەو ناوەیان هەیە، دیارە ئەمەش پیلانێكە بۆ ئاژاوە نانەوە بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شاكەلی، كە مێژوی پرشنگداریان ئەدرەوشێتەوە لە كوردستان، وە دونیایەك خزمەت و دڵسۆزیان هەبووە بۆ ئیسلام ونەتەوەكەیان.